ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا». ولە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خۆتان بپارێزن لە ستەمکردن؛ چونکە ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخۆتان بپارێزن لە ڕەزیلی؛ چونکە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە».

[صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەردوو فەرموودەکە بەڵگەن لەسەر حەرام بوونی ستەمکردن وهەموو جۆرەکانی ستەمکردن دەگرێتەوە، ولەوانە شیرک وهاوبەشدانان بۆ خوای گەورە، ولە هەردوو دەقەکەدا فەرموویەتی: (ستەمکردن تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا)، واتا تاریکایی زۆر وبەک لەسەر یەک بە شێوەیەک ئەو کەسەی ستەم دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ ڕێگایەک نادۆزێتەوە کە سوودی پێبگەیەنێت بۆ دەرباز بوون. ولە فەرموودەی دووەمدا: (خۆتان بپارێزن لە ڕەزیلی چونکە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە) کە ئەمیش ئاگادار کردنەوەی تێدایە لە ڕەزیلی چونکە ئەگەر ڕەزیلی بڵاو بوویەوە لە کۆمەڵگادا ئەمە نیشانەی تیاچوونیانە، چونکە هۆکارە بۆ ستەم ودەستدرێژی ودوژمنایەتی وخوێن ڕشتن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5328